

ئەوە تەوالێت و ئەمەش شوێنی دەست شتنە، ئەها سابونیشی لێیە.



ئەمە گۆرەپانی قوتابخانەیە، رۆژانە تیا ریز دەبن و گۆرانی و سروودی خۆش دەڵێن و یاری و وەرزشی تێدا دەکەن.



ئێرە شوێنی ئاو خواردنەوەیە. کێ تینویەتی با بچێت ئاو بخواتەوە.



ئەمەش ژووری وێنەکێشانە. لە وانەی هونەردا دێنە ئێرەو وێنەی جوان جوان دەکێشن.



ئەمە فرۆشگەی قوتابخانەیە. رۆژانەکەتان لێرە خەرج کەن، چونکە خاوێنەو مەرجەکانی تەندروستیی تێدایە.



کە زەنگ لێدرا قوتابیان بە دڵێکی خۆشەوە چوونە گۆرەپانەکەوەو تێکەڵی هاورێکانی تریان بوون.